**پ ٣ / حوكمی شەرع چی یە دەربارەی نوسینی ئەوەی كە دوكاندارەكان دەینوسن لە وەسڵەكانیان (فرۆشراو وەرناگیرێتەوە و ناگۆڕدرێتەوە) وە ئایا ئەم مەرجە لەشەرعدا دروستە وە ئامۆژگاری بەڕێزتان چییە لەسەر ئەم مەسەلەیە ؟**

وەڵام / فرۆشتنی شتومەك بەمەرجی وەرنەگرتنەوە و نەگورینەوە دروست نییە، چونكە مەرجێكی دروست نییە لەبەر ئەوەی زیان و چاوبەستی تیادایە وە لەبەر ئەوەی مەبەستی فرۆشیار بەم مەرجە ناچاركردنی كریارە بە قەبوڵكردنی شمەكەكە ئەگەر عەیبداریش بێت ! ئەم مەرجە وای لێ ناكات كە چاو پۆشی بكرێت لە عەیبەكانی كە تێدایەتی، چونكە ئەگەر عەیبدار بێت كریار دەتوانێت بیگۆڕێتەوە بەشتێكی بێ عەیب یان قیمەتی ئەو عەیبە وەرگرێتەوە لە فرۆشیارەكە، چونكە بەهای تەواو لەبەرامبەر شمەكی بێ عەیبە لە كاتێكدا فرۆشیار بەهای تەواو ببات وە شتەكەش عەیبدار بێت ئەوە بردنێكی ناحەقە لەبەر ئەوەی شەرع مەرجی عورفی وەك مەرجی بە زمان داناوە، ئەوەش لەبەر سەلامەت بردن هەر عەیبێك بۆ ئەوەی هەر كاتێك هەبوو بۆی هەبێت بیگێرێتەوە[١٢].

**پ ٤ / حوكمی گوێگرتن بۆ ڕادیۆ چییە ؟**

وەڵام / حوكمی گوێگرتن دەگۆڕێت بە گۆڕانی ئەوەی گوێی بۆ ڕادەگریت ئەگەر (حرام) بوو وەك گۆرانی وئامێرەكانی مۆسیقا ئەوە دروس نییە ونابێت گوێی بۆ ڕاگریت، وە دروستیش نییە هۆكار بیت بۆ كەسێك كە بیەوێت بیخاتە سەر ئەو شتانە، بەڵام بۆ بیستنی هەواڵەكان و وتارە دروستەكان ئەمانە دروستن، بەتایبەت بیستنی ووتارە زانستییەكان وخویندنی قورئان ئەمانە قەیدی نییە ئەگەر كەسێك گوێی بۆ بگرێت هەر چەندە ئەمانە مەژغوڵی دەكەن لەچەندەها كاری بەسود وە مەترسی ئەوەشی هەیە پلەپلە لە

---

[١١] فتاوى اللجنة الدائمة: (١٣ / ٢٩٤ )، ژمارەی فەتوا: (٩٢٧٥) .

[١٢] فتاوى اللجنة الدائمة : (١٣ / ١٩٨) ژمارەی فەتوا: (١٣٧٨٨) .

حەڵاڵەوە گوێ ڕاگرێت بۆ حەرام وشتی نادروستیش، کەوابوو پێویستە ئینسان وریا بێت وپارێزگاری خۆی بکات لەو شتانەی زیانبەخشن وە چەندین شتی خراپ وبێ کەڵك بەهۆیەوە بڵاوبوەتەوە . داواکارین لە خوای گەورە سەلامەتمان بکات لەوەی خۆی پێی ناخۆشە وە سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان(١٣) .

**پ ٥ / ئایا ڕێژەی دیاری کراو هەیە لە قازانجی بازرگانی یان قازانج سنوری بۆ دیاری نەکراوە ؟ وەڵامـان دەوێت لەگەڵ باسکردنی بەڵگە وە هەموو ئەو باجانەشتان لەبیر نەچێت کە ساڵانە بازرگان دەیدات .**

وەڵام / دروستە هەر کەسێك شتێکی کڕی بۆ خۆی یان بۆ بازرگانی بیفرۆشێتەوە بە زیاتر لە بەهاکەی خۆی حازر یان بە قەرز، وە هیچ سنورێك نازانین دانرابێت لە قازانج خستنەسەر، بەڵام ئاسانکاری کردن پێویستە لەنێوان خەڵکدا لەبەر ئەو بەڵگانەی کە هاندەرن بۆی، مەگەر شتانێك نرخی دیاری کراو بێت لەشاردا ئەو کاتە بۆ موسڵمان نابێت بیفرۆشێتەوە بە نەزانێك بەزیاتر لەو نرخەی کە هەیە مەگەر لەو نرخە ئاگاداری کاتەوە، چونکە ئەگەر وا نەکات ئەوە جۆرێك لە خەڵەتاندنی تیادایە لە کاتێکدا موسڵمانیش برای موسڵمانە و ستەمی لێ ناکات وفێڵی لێ ناکات وخیانەتی لێ ناکات، بەڵکو لەهەر کۆیدا هەبێت نەسیحەتی دەکات . پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: " الدين النصيحة " (رواه مسلم في صحيحه).

واتە: ئایین تەنها ئامۆژگاریە .

وە لە ( الصحيحين ) دا لە (جرير) ی کوڕی ( عبدالله اليماني ) رضي الله عنه فەرموویەتی: " بايعت النبي ﷺ على إقام الصلاة وإيتاء الزكاة والنصح لكل مسلم".

واتە: بەیعەتم دا بە پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەر ئەوەی کە نوێژەکان ئەنجام بدەم، و زەکاتی ماڵ و سامانم بدەم، و ئامۆژگاری هەموو موسڵمانێك بکەم .

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**.

---

(١٣) وەڵامی شێخ ناصر السعدي، کتێبی (الفتاوى السعدية) لاپەڕە: (٥٧٨) .